# هەزارتوێکانی(١) عەتا محەمەد و ناشوێنەکانی پیت
# لە نێوان مێژوو و دیرۆکدا(٢)

## (گێلاسی خوێن شەڕی نێوان خود و خود لە ئاوێنەی "پیتەکان" دا)


**عادڵ قادری**
**(کرمانشا)**


**(١ - ٢)**

### بەرایی:
### ڕۆمانی مێژوویی و نموونەکانی

ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم و دەمەدەمی لەناوچوونی ناپلیۆن سەری هەڵدا و بە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (Waverlry) بەرهەمی والتەر سکۆت(٣) نووسەر و شاعیری ناوداری ئیسکۆتلەندی لە ساڵی ١٨١٤ ناسێنرا، ئیدوار ویڤارلی ناوی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیە کە لە ساڵانی ١٧٤٥ لە میانەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژاکۆبینەکاندا کردارگەلێکی شۆڕشگێڕانەی کردووە، ئەگەرچی سکۆت ئەم ڕۆمانە مێژووییەی یەکەم جار بەناوی خۆی بڵاو نەکردەوە، بەڵام هەموو کەس دەیانزانی نووسەری ڕۆمانەکە ئەوە. هەڵبەت دەکرێت پێش (سکۆت)یش ناوی ڕۆمانەیلێک لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە بهێنین کە ناوەرۆکی مێژووییان هەبووە و ئەگەر کەسێکیش بیەوێت، دەتوانێت هەڵگۆستەگەل و گێڕانەوەگەلی سەدەکانی ناوەڕاست لەبارەی مێژووی کلاسیک، یان ئوستوورەکان وەک پێشەنگی ڕۆمانی مێژوویی بخوێنێتەوە، یان تەنانەت بەگەڕانەوەی زۆرتر بۆ دواوە، ئەو بەرهەمانەش کە لە چین، یان هیندستان سەریان هەڵداوە، بخاتە ئەم خشتەیەوە، بەڵام لە هەموو ئەمانەدا ناتوانین کلاورۆچنەیەک بدۆزینەوە تا لە ڕێگەیەوە تیشک بهاوێنە سەر بابەتێک بە ناوی ڕۆمانی مێژوویی.(٤)

لەو بەرهەمانەی پێش سکۆت کە خاوەنی دەروونمایە و تێم (theme)ێکی بچووک و لاواز لە تایبەتمەندی ڕۆمانی مێژووییین، سەیر و سەمەرەبوونی فەزا و ژینگە کە گرینگی گێڕانەوە وەردەگرێت، نەک وێناکردنێکی هونەرمەندانە و ئەدەبی و "وەفادارانە" لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی.(٥) واتە ئەم ڕۆمانانە "ڕەهەند"ی مێژووییان تێدا نەبووە بە واتایەی ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆمانە مێژووییە پێشەنگەکاندا دەیانناسین، لێرەدا زۆرتر داکۆکی و زەقکردنەوە لەسەر "ڕەهەندە" هەڵبەت نەک بەو واتایەی مێژوو بکەوێتە پلەی دووەمەوە، بەڵکو فامکردن و خوێندنەوەی تر لە مێژوو لە ڕێگەی بەناوەند کردن و چەقدانانی ڕەهەندێکە کە نووسەر وێنای دەکات و دەپەرژێتە سەری و دواتر وەک گێڕانەوەی چیرۆکیانەی مێژوو بە چەندان پێناسە و "ڕەهەند"ەوە دەیناسینەوە، واتە بەگشتی هەڵهێنجان و دۆشینەوەی تاکانێتی کارەکتەری ڕۆمان لە سەرووی تایبەتمەندییە



عەتا محەممەد

مێژووییەکانی سەردەمی خۆیەتی، واتە فۆرمێکی تر لە گێڕانەوەی مێژوو لە ڕێگەی وێناکردنی "ڕەهەند"ێکی مێژوویی لە کارەکتەری ڕۆماندا.

بۆی لیڤ (Boy live) ڕەخنەگری گەورە کە داوەری لەسەر زۆربەی ڕۆمانە مێژووییە هاوچەرخەکانی کردووە، هەموو داکۆکی و پێداگری لەسەر ئەمەیە کە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی مێژوویی دەشێت تەنیا لە ڕووی دەروونناسانە و کۆمەڵناسانە واقیعی و ڕاست بن، واتە دەڵێت لە ڕۆماندا دەبێت ڕامووسان و خۆشەویستی حاکمێک، جیاواز لە خۆشەویستی و ڕامووسانی سەپانێک بخرێتە ڕوو، هەر بۆیەش لە ڕوانگەی ئەوەوە بابەتی حەقیقەتی مێژوویی و ڕەنگدانەوەی هونەریی واقیع لە ناو ڕۆماندا شتێکە کە هێشتا لەو بەری بینین و فامکردنی ئێمەیە.(٦) ئا لێرەدایە کە ئێمە لە مێژوو وەک ڕووداوگەلی بەرهەست و کۆنکرێتی ڕووبەری واقیع دوور دەکەوینەوە، واتە یەکەمین نیشانەکان لێرەوە دەست پێدەکەن بۆ گێڕانەوەی مێژوو بە فۆرمێکی "ناباو" و وێناکراو و وانوێنراو، بۆ دەرچوون لە کۆرۆنۆلۆژیا (Chronology)(٧) و تۆمارکردنێکی بە ڕواڵەت میکانیکی یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکان، ئەو ڕووداوانەی کە هاوکێشەگەلێکی دیار و جەمسەرگەلێکی بەرجەستەی زەمانی (وەک ساڵ، مانگ، ڕۆژ، یان شەو، کاژێر و...) هەیە، بۆیە ئێمە قۆناغگەلێکمان لە ڕەوتی ڕۆمانی مێژوویی ئەورووپا دا هەیە کە ڕۆمانەکان وەک شوێن-کات (مێژوو) ناگێڕدرێنەوە، بەڵکو دەکەونە دەرەوەی شوێن و لە ناو بۆشایی و دەرەمێژوودا زۆرتر دەخەملێن. وەک کارەکانی سویفت، واڵتەر و دیدرۆ، ئەگەرچی ئەوان ئەم ڕێچکە وێناییەی مێژوویان قووڵتر کردەوە و بەرەو فەزایەکی دەرەمێژوو، یان کەمتر مێژوویی جمان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا تاموبۆ و تانوپۆی مێژوویان پێوە بوو، واتە ئەم نووسەر و گەورە بیرمەندانە زۆر بە ڕاستودروستی تایبەتمەندییە سەرەکی و بنەماییەکانی فەڕەنسە و ئینگلیزی هاوچەرخی خۆیانیان نیگار کردووە و گێڕاویانەتەوە(٨). دەکرێت بڵێین سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی بەم تێگەیەوە، بەرئەنجامی هۆشیاری و خۆهۆشیارییەک بوو کە لەچاخی ڕۆشنگەری بەدیار کەوت، بەرهەمەکەی گوتە واتە گۆتز ڤۆن بێرلیشینگن نەتەنیا مزگێنی پشکووتنی درامی مێژوویی پێ بوو، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆ و بەهێزیشی بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی لەسەر بەرهەمەکانی واڵتەر سکۆت هەبوو.(٩) ئەم پشکووتن و دەرکەوتنەی هۆشیاری مێژووخوازی، یان گێڕانەوەی مێژوو لە ڕێگەی چیرۆک کە یەکەم جار لە بەرهەمەکانی هێردێردا دەرکەوت، ڕیشە و ڕەچەڵەکی بۆ ئەو دۆخە تایبەتە دەگەڕێتەوە کە ئەڵمانیای تێدا دەژیا، واتە جیاوازی و مەودای نێوان دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی ئەڵمانیا و ئاستی تێفکرینی ڕۆشنگەرانی ئەڵمانی، واتە ئەو کەسانەی کە لەژێر کاریگەری پێشەنگانی هاوڕا و هاوڕێی ڕۆشنگەری لە ئینگلیز و فەڕەنسە دا بوون و وێناکانی ڕۆشنگەریان هەڵزنانده ئاستێکی باڵاتر(١٠)، کەواتە کاتێک جیاوازییەکی قەبە و تراژیک لە نێوان واقیع و ئەو "ئەگەر" و ئیمکان و "ڕەهەندە"ی ناو واقیع کە دەیتوانی ڕووداو و شتەکان بە شێوەی تر نیشان بدات، دەدۆزرێتەوە، هۆشیارییەکی نوێی مێژوویی دێتە ئاراوە، هەر ئەو هۆشیارییەی کە هەوڵ دەدات مێژوو لە دووپات بوونەوە و بنبەست لە ڕێگەی وێنای هونەرییەوە بهێنێتە دەرەوە، ئەم هۆشیارییە مێژووییە فۆرم و پێکهاتی گێڕانەوەی واقیع دەگۆڕێت، کەواتە کاتێک مێژوو دەبێتە قەدەر و سەپێنراوێک، واتە کاتێک ئێمە هەست دەکەین کە

مێژوو هەر ئەمەیە و لە بنبەستە قەدەری و ئاسمانییەکەی توانستی دەربازبوونمان نییە، توخمێکی "نامێژوویی"(نەک دەرە مێژوویی) لە ناخی خودی مێژوودا لە ڕێگەی ناهۆشیاری (the unconscious) مانەوە! هۆشیاری (the cosciousnedd )مان دەکاتەوە، بۆیە دەشێت بڵێم کە شەڕەکانی ناپلیۆن لەهەر شوێنێک کە ڕوویان دەدا، ئەگەرچی زۆر سەرکەوتووانەش بایە، بەڵام شەپۆلێکی لە هەست و تەوژمی نەتەوەیی و نیشتمانی و جەماوەری لە هەمبەر ناپلیۆن و داگیرکارییەکانی دروست دەکرد، واتە ڕاسانەوە لە هەمبەر چەوسانەوە، بڵێسە لە دژی خوڵەمێش. ناهۆشیاری (خەون، یان ئارەزوو) بە گڕی هۆشیاری سەپاودا و بەم پێیەش وەرگرتنەوەی هۆشیارییەکی نوێ، واتە وەک هۆشیاری عەتامحەممەد (عەتا محەمەد لێرەدا مەبەست نووسەری ڕۆمانی گێلاسی خوێن و ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک و... نییە، بەڵکو ئەو عەتا محەمەدەی کە خۆی دەبێتە کارەکتەری ناو ڕۆمان و بە دوای پیت و هۆشیاریدا وێڵاووێڵە، بە هەزار توێی پیتی ئەبجەدی(١١) و... دوایی دێمە سەری) پێمان دەڵێت:

هەموو شارەکان دوو مێژوویان هەیە، مێژوویەکی ئاشکرای ڕووداوەکان و مێژوویەکی شاراوە و پەنهان کە مێژووی دووەمی شارە لە پشت خەونی دروستبوونی هەر شارێکەوە وەستاوە. (گێلاسی خوێن، بەدوای ئەفسانە دا ل١٣٢).

ئەو باسانەی لەبارەی شکڵگرتنی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەورووپا دا، هەروەها ڕووداوەکانی سەردەمی ناپلیۆن پیشانی دەدا کە خوازشتگەلێک بۆ مێژووخوازییەکی هۆشیارانە پاش هەرەسهێنانی ناپلیۆن بەدی دەکرێت کە دواتر و لەسەردەمی مێژووی کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی پیرۆزدا دەگاتە ترۆپکی خۆی(١٢).

ئەگەرچی کردە و ڕەوتێک دواتر لەژێر ناوی مێژوو خوازی، یان مێژووباوەڕی سەری هەڵ دا کە لە هەمبەر و دژ بە فامی هۆشیارانە و وێنا و گێڕانەوەی مێژوو لە سۆنگەی دەسکەوتە گەورەکانی شۆڕشی فەڕەنسە و ڕەوتی ڕۆشنگەری بوو. ڕوحی مێژووباوەڕی دەرکەوتەیەکی ئیرتیجاعی و پاشڤەڕۆیانەی هەبوو و لەژێر دروشمی "چالاکی مرۆڤ لە مێژوودا بە تەواوی قەدەغەیە" هێرشیان کردە سەر ڕەهەندە نامێژوویی و دەرهەستەکانی ڕوحی ڕۆشنگەری و ئایدیۆلۆژیایەکیان بەناوەرۆکی نەبزاوتوویی و بێ جووڵەیی و گەڕانەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست پەرە پێ دا. لەم هاوکێشەیەدا کە من بە فۆرمی تر لە دێڕەکانی سەرووتردا بیچمبەندیم کرد، ئامادەیی دوو جەمسەر لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزدا وێنا دەکرێت:

١- جەمسەرێکی نەگۆڕ و مێژوویی و واقیعتەوەر.

٢-جەمسەرێکی بزۆز و نامێژوویی و وێناتەوەر لە ناو مێژوو و واقیعدا. بە دەربڕینێکی دەروونناسانە شەڕی ناهۆشیاری و هۆشیاری لە قەڵافەتی لەشکری خەون و ئارەزوو لەهەمبەر عادەت و بیرەوەرییە هۆشیارییەکان، کە دیسان دەبێتەوە شەڕی فۆرمی تر لە هۆشیاری و ناهۆشیاری لە قەڵافەتی هۆشیاری و وێنای نوێ و یادەوەری تازە لە هەمبەر ناهۆشیار و دۆزەخێکی تاریک و نەناسراو. هاوکێشەی مێژوو و نامێژووش دەشێت وا بێت کە لە هەر شەڕێکدا و پاش کۆتایی شەڕەکە لەشکرێکی نوێ لە یادەوەری و جلوبەرگ و سوپا و قەڵغانی تازە هۆشیار دەبنەوە، ڕەنگە ئەم واتایەی هیگڵ بە باشترین شێوە مانای ئەم دێڕانەمان بۆ دەربخات، هیگڵ ئەم حاڵەت و دۆخە کە لە چەقی هۆشیاریدا ڕوو دەدات و هەڵبەت تەنیا وابەستەی هۆشیاری نییە، وەک گیانی جیهان ناو دەبات و لە ژێر ناوی وێناکردنێک لە دیالێکتیکی تەکامول و باڵاکردنی مێژوویی دەیبینێت و دەڵێت:

بەم شێوەیە ڕوح دەکەوێتە بەرانبەر خۆیەوە (واتە لە مێژوودا: لۆکاش) و دەبێ بەسەر خۆیدا بشکێ و زاڵ بێت، وەک لەمپەرێک کە لەدژی خۆی دەوەستێتەوە: واتە باڵاکردن...لە ڕوحدا شەڕێکی سەخت و ناکۆتایی دژ بە خۆی هەیە. ئەوەی کە ڕوح ئارەزووی لێیەتی، تێگەیشتن لە مانا و چەمکی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا کە ئەم چەمکە لە خۆی دەشارێتەوە و لەم نامۆبوونەی خۆی لە خودی خۆی لووتبەرز و لێوانلێوە لە ڕازی بوون، لەحاڵێکدا کە لە فۆرمە ڕوحانییەکەی خۆیدا حاڵەتی جیاواز و جوداوازی هەیە (لەوەی وا لە سروشتدا هەیە)، لێرەدا گۆڕانکاری نەک تەنیا لە توێکڵ و سیما، بەڵکو لە چەمک و ناواخندا ڕوو دەدات و ئەمە چەمکە کە چاکسازی تێیدا دێتە ئاراوە.(١٣)

بەهەرحاڵ ئەم دێڕانەی هیگڵ دەشێت لە کۆنتێکست و



والتەر سکۆت

زەمینەی باسەکانی هەر تێکستێک مانای جیاجیا وەربگرێت، سەرەڕای ئەوەی کە هیگڵ کۆی ژیانی مرۆڤایەتی وەک پرۆسێسێکی گەورەی مێژوویی دەبینێت هەندێ ڕەخنەی گشتی و بەجێ و تارادەیەک فەلسەفی لە دیاردەناسی ڕوح (phenomenology of spir-it)ەکەی گیراون وەک ئەوەی کە گێڕانەوەکەی ئەو زۆرتر باسی مێژووی ڕۆژئاوا دەکات نەک مێژووی کۆی مرۆڤایەتی و...ئەمانە باسێکی دیکەن و من ناپەرژێمە سەری.

کۆی ئەم باس و گومان و ڕا و سەرنجە نەگۆڕ و بگۆڕانە لەم ڕووبەرەدا و لەژێر تیشکی دەروونناسی و فەلسەفەدا ئێمە بەرەو پرسی فەلسەفەی مێژوو و پرسیاری "فەلسەفەی مێژوو چییە؟" دەبات.

## فەلسەفەی مێژوو (١٤)

فەلسەفەی مێژوو و بیرکردنەوە لەبارەی مێژووەوە؛ بەتایبەتی ئەم پرسانەی کە ئایا مێژوو بەرهەمهاتووی ئیرادەیەکی هۆشیار و ئاوەزمەندە، یان مشتێک ڕووداوی بەهەڵکەوتی بێ مانا و ناوەرۆک و زنجیرەیەک لە هۆکار و هۆکرد کە ئیرادە و ویستێک لە پشتیەوە نییە و مەبەست و ئامانجێکیان نییە؟(١٥)

بۆ دۆزینەوە، یان گەڕان بە دوای وەڵامی ئاوەها پرسیارانێک، مرۆڤ ناچارە کەڵک لە خودی مێژوو وەربگرێت، یان وەک یاسپێرس دەڵێت: دەشێت مرۆڤ مێژوو وەک یەکەیەکی تەواو و کامڵ بێنێتە پێش چاو و تێی بگات، بەڵکو بتوانێت خۆی تێیدا بدۆزێتەوە و لەخۆشی بگات. لەم ڕووەوە مێژوو بۆ ئەو بیرەوەرییەکە کە نەک تەنیا لە یادەوەری دایە و دەیناسێت، بەڵکو سەرچاوەی ژیانیشیەتی و ژیانی بەو کۆڵەکەیەوە بەندە، ئەگەر دەیەوێت لە مێژوودا ون نەبێت و لە مرۆڤبوونی خۆی بەهرەمەند بێت، دەبێت پێوەندی و گرێدراوێتی خۆی لەگەڵ مێژوو (زەمان) دا بپارێزێت، ڕەنگە هەر بەم هۆیەوەیە کە لە گێڕانەوەیەکی دیرۆکیدا دەگێڕنەوە کە کرۆنۆس خودایەکی زەمان بوو کە بە نێو تونێل و چاڵە زەمانییەکاندا سەفەری دەکرد و بۆ ئەم کارەشی هەندێ جار ناچار بوو هەموو خوێن و جەستە (ڕوح)ی مرۆڤێک، بە تایبەتی مرۆڤێکی مێینە هەڵلووشێت تاکو وزە و توانایی سەفەری پێ بێت کە دواتر لێی دەپرسنەوە بۆ وەها دەکەی، دەڵێت: ئەگەر وا نەکەم لە نێو بۆشایی "زەمان" دا ون دەبم.(١٦) ئەم گێڕانەوە سیمبۆلی و ئوستوورەییە لە یەکێک لە خوداکانی زەمان ئەوەمان پێ دەگەیەنێت کە ئەگەر نەتوانین لەمێژوو و خوێن و ڕوحمان تێ بگەین دەکەوینە ناو بۆشایی و نامێژوو و فەزایەکی دەرەمێژووییەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمە بۆ هۆشیاری و بەمەبەستی ون نەبوون لە ناو بۆشایی مێژوودا بەو هۆیەیە کە "بەشێکی زۆر لە مێژوو لە بیرکراوە" و تەنیا لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەتوانین دەستمان بە بەشێکی بچووکی ڕابگات. مەشخەڵی کەم نووری توێژینەوەی قووڵایی و تویتوێکانی زەمانی درێژی پێش مێژوومان (کە کۆڵەکەی هەموو مێژووە) بۆ ڕوون ناکاتەوە، زانستی ئێمە لەسەر زەمانی ناو مێژوو، واتە ئەو زەمانەی کە سەنەد و پرووفمان (proof) لەبارەیەوە لەبەردەستە؛ نیوەچڵ و بەهەڵکەوتە و تەنیا لە قۆناغێکی کورتی زەمەنییەوە کە لە سەدەی شازدەمەوە دەست پێ دەکات، لە ڕووی بەڵگەنامە و پرووفەوە بەپێت و زەنگینە و لەسەر داهاتووش کە فەزا و ڕووبەرێکی ناکۆتایی ئەگەرەکانە، شتێک نازانین. مێژووی پێنج هەزار ساڵە کە ئێمە دەتوانین بیناسین، لە نێوان پێش مێژوو (کە لە ڕووی درێژییەوە سەد قاتی ئەمەیە) و داهاتووی ناکۆتادا

هەڵكەوتووە و بەشێكی بچووكە لە مێژووی بوونی نادیاری ئینسان، ئەم مێژووە لە هەر دوو سەر و لایەنەوە هێشتا هەر كراوەیە، نە دەتوانین لەسەروو لایەنێكەوە بیبەستین و نە دەشتوانین وەک وێنەیەكی تەواو و كامڵ دەستی پێ بگەیەنین.(١٧)

ئێمە لە ڕێگەی زەمانی "هەنووكە"مان لە نێو مێژوودایین، ئەم هەنووكەیە ئەگەر لە ئاسۆ و دووتوێی بچووک و تەنگەبەری ژیانی ڕۆژانەدا ون ببێت و تەنیا وەک زەمانی "ئێستاكە" دەركەوێت، ئەوە دەبێت بە هیچ.(١٨)

ئەگەر مێژووی ئەوروپا بەو هەموو نووسین و دەق و سەنەد و هەڵكۆڵراوەوە وەها لە ژێر گومان و پرسیاری گەورەدا بێت، ئەوە بۆ مێژووی نەتەوەیەكی بچووک و ژێردەستی وەک كورد هاوكێشەكە چۆنی لێ دێت؟ مێژوویەک كە خۆمانیش تەنیا و بە پێی هەندێ پێوەری بچووک توانیومانە چەند لاپەڕەیەكی بنووسینەوە، مێژوویەک كە ئەوەندەی لە دیرۆک و چیرۆک و حیكایەتی گوێ ئاگردان دەچێت، ئەوەندە لە گێڕانەوەی شیكارییانە و چیرۆكانە، تەنانەت وتەبێژانەش ناچێت تا بگات بەوەی كە لەگەڵ مێژووی وڵاتان و نەتەوەكانی تر؟! بەراوردی بكەین هەنووكەش پرسی بوون، یان نەبوونی مێژوونووسی كوردی بە تایبەتمەندی و پێوەرە مێژوونووسییەكانەوە (زمانی خودی نەتەوە، مێژوونووسی سەر بە نەتەوە، تایبەتمەندی شیكارییانە و چەمكیانە و زانستی و...تاد) پرسێكی تازە و بە پێی ئەوەش گەرمە.(١٩)

### مێژوو لە كۆنەوە تاكو ئێستە

لەبارەی تابلۆ نوێ و كۆنەكانەوە من لێرە دادەنیشم و تابلۆ شكاوە كۆنەكان لە دەوروپشتمدان، هەروەهاش تابلۆ نیوەنووسراوە نوێیەكان. كاژێری من كەی دا دێت؟ زەمانی داچوون و ڕۆچوونم، چونكە دەمەوێت جارێكی دیكە بەرەو لای مرۆڤەكان بڕۆم. لەو ڕووەوە كە هەنووكە چاو لەڕێم كە سەرەتا دەبێت نیشانەكانی داهاتنی كاژێری من بگات: یانی، شێری دەم بە پێكەنین لەگەڵ پۆلی كۆترەكان.

لەم سەروبەندەدا وەک كەسێک كە دەرفەتی هەیە، لەگەڵ خۆم قسان دەكەم. كەسێک شتێكی تازە لەگەڵ من ناگێڕێتەوە، بۆیە خۆم بۆ خۆیم دەگێڕمەوە و حیكایەت دەكەم.(٢٠)

ئەوكاتەی شێرەكان مێژووی خۆیان دەنووسنەوە، چیرۆكی ڕاو، تەنیا ڕێز لە ڕاوچی دەگرێت.(٢١)

ژیان بێ نهێنی، هیچ مانایەكی نییە، چونكە نهێنییەكان درێژە بە زۆر ڕووداوی تر و گەڕانی تر دەدەن لە ئاییندەدا. (گێلاسی خوێن ل٥٦)

قوتابییەكەی مردن بە نیگەرانییەوە وتی ئیتر نادۆزرێنەوە، مردن بە گرژییەوە وتی با ئەوانە لە مێژوویەكی تر دا دەدۆزرێنەوە، بەڵام ئەگەر ئێستە ون نەبوونایە، لەوانەبوو مێژووی بابانیان بگۆڕیایە، چونكە ئەو شارانەی لە پیت بینا دەكرێن، هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی وێنەی خۆیاندا وێڵن و جیاوازن لەو شارانەی لە خۆڵ و بەرد هەڵدەچنرێن. (گێلاسی خوێن، ل٥٥و٥٦)

## پێكهاتێكی پیتیانە بە تامی "ت" و ترێ بۆ چوونە ناو "گێلاسی خوێن"

### ت: تاریخ

١-تاریخ هاوتای وشەی یۆنانی (historia)، بە واتای زانست، گوزارشت، گێڕانەوە و مێژووی ڕووداوەكان بوو. ئەم وشە یۆنانییە لە ڕێگەی زمانی لاتین هاتە نێو هەموو زمانە ئەوروپییەكانەوە. هاوتای تاریخ لە زمانی فەڕەنسی (histoire) و لە زمانی ئیتاڵی (storia) و لە ئینگلیزی (history) و لە ئەڵمانی دا (historie)یە. لەبارەی ڕیشە و ڕەچەڵەكی عەرەبی، یان غەیری عەرەبی وشەی تاریخ ڕایەكی هاوكۆک و یەكدەنگ نییە، وا دەردەكەوێت "تاریخ" وشەی بەعەرەبیكراو، یان موعەڕەبی وشەی (yerakh)ە، كە وشەیەكی عیبرییە و لەوێوە هاتووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، لەزمانی كوردیدا وشەی "مێژە"، یان "لەمێژە" و مێژوو هاوتای تاریخ دادەنرێت كە لە وشەدانە كوردییە سۆرانی و كورمانجییەكاندا هاوكات بە واتای دوور و لەمێژینە و چیرۆک (ڕاز) و حیكایەت بەكار هاتووە. هەڵبەت وشەی مێژوو پێشینەیەكی وەهای نییە، چون لە وەرگێڕانی شەرەفنامەی بیدلیسی بۆ كوردی (زمانی سەرەكی شەرەفنامە فارسییە كە ئەمەش دواتر مێژوونووسی كوردی و خشتەبەندی ئەم سەرچاوە

مێژووییە لە ناو مێژوونووسی کوردی دەخاتە ژێر پرسیار و گومانی گەورەوە). لە لایەن مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٧-١٨٦٧ ز) وشەی مێژوو بەکار نەهاتووە و هەر تاریخ بەکار براوە.(٢٢)

ڕەنگە وشەی دیرۆک کە لە دێرۆک و دێریکەوە هاتووە لە مێژوو کۆنتر بێت، دیرۆک لە هەنبانە بۆرینەدا بە دوو واتا هاتووە:

١- چیرۆک و ڕووداوی خەیاڵی.

٢- ڕووداوی مێژوویی، بۆیە لە هەر کوێی ئەم باسەدا و لە گێڕانەوەی بوون و هەبوونی کورد لە ڕووبەری زەماندا وشەی دیرۆکم بەکار هێناوە کە مەبەستم هەر دوو واتاکەیە و بەکارهێنانی ئەم وشەیەش لە چەند ڕووەوە بەشیاوتر و دروستتر دەزانم، لانی کەم بۆ باس و گێڕانەوەی ڕووداوانێک کە کورد لە ڕووبەری زەماندا ڕۆڵی تێدا هەبووە (ئەگەرچی لە نزمترین ئاستیشدا بێت)، تەنانەت بۆ باسی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەش لە ڕوانین و واتای کلاسیک و کۆندا تاریخ (history) وەک واتای تۆمارکردنی ڕووداوەکان و سات و کاتی پاش و پێشی ڕووداو و ئەنجام و بەدواداهاتی جەنگەکان دەوری گێڕاوە، کە لە ژێر ناوی کرۆنۆلۆژی باس دەکرێت، ئەم ڕوانینە کلاسیک و کۆنە بۆ مێژوو، لای وابوو بەڕاستی مێژوو ئەو شتەیە کە تۆمار دەکرێت و لە لایەن مێژوونووسی شاهید، یان ناشاهید (شاهیدی ناڕاستەوخۆ)ی ڕووداوەکان دەگێڕدرێتەوە، بەڵام پاش شۆڕشە گەورە هزری و سیاسی و زانستی و پیشەییەکان، واتای مێژوو و ڕۆڵی مێژوو کەوتە بەر خوێندنەوە و ڕاڤە و شرۆڤەی نوێتر، مێژوونووس ئیتر ئەو کەسە نییە کە بەبێ لایەن و وەک سەعاتێکی چاڵمەیی ئیش بکات و هۆکار و بەرکاری ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە کە واقیع بە فام و تێگەی خۆی و لە ڕێگەی زمانی خۆی "وێنا" دەکاتەوە، مێژوو ئیتر وەک ماڵێک نییە کە خشت بە خشت ڕووداوەکانی هەست پێ بکەیت و بیبینیت و هەڵیچنیت و تۆماری بکەیت، بەڵکو مێژوو فامێکی زمانی و دەرکێکی "پێتیانەیە" لەو شتەی کە ڕوو دەدات، مێژوو چیرۆکی گێلاسی خوێنە لە ناو ڕۆمانی گێلاسی خوێن کە گەنجێک نووسیویەتی وا هاوەڵ و قوتابی مەرگە...هاوڕێی قوتابی مەرگە و خۆشی قوتابییەکەیە و دۆستی خۆیەتی بێ ئەوەی تا دواجار بزانێت کە "خۆی" خۆیە! مێژوو شوێن پێی ئەم نەزانین و ناهۆشیارییەیە لە ڕێگەی"گێلاسی خوێن"ەوە بەناو چیرۆکی تامی مەرگ کە کەسێک بە ناوی عەتا محەمەد لە کتێبێک بە ناوی "زارەکانی خەون" بڵاوی کردووەتەوە و لە لاپەڕەی (١٣٧) و پەرەگرافی چواری ڕۆمانی گێلاسی خوێنی عەتا محەمەد کۆد و ئاماژە و شوێن پێیەکی دانراوە، مێژوو گەڕان و ناکۆتاییە لە ڕێگەی پێتەکانی عەتا محەمەد و وێڵبوونێکی سامناکە لەگەڵ وێنا و وشەی "مردن" بۆ فامی وڵاتێک کە لە نێوان خەیاڵ و حەقیقەتدا دێت و دەچێت. شارێکی وەهمی و هێمایین بۆ نەتەوەیەکی وەهمی، شارێک بە ناوی سلێمانی لە ژێر دەسەڵاتی میر و حوکمڕانی بابان و بە حوکمی دەسەڵاتێکی واقیعی و میتافیزیکی! بە ناوی خەلیفە و بابی عالی. گێلاسی خوێن هاوەڵبوون و پێ بە پێ بوونی مردنە بۆ فامی ژیان لە ڕێگەی ئەندێشەی پێتەوە لە ڕێگەی وەهمی پێتەوە، لە ڕێگەی وەهمەوە، لە ڕێگەی ناڕێگە و لاڕێگەی بوونێکی وەهمییەوە.

### واتا و پێناسەی "ت"(تاریخ)

لە ڕووی مانا ناسی زاراوەوە، تا هەنووکەش پێناسەیەکی گشتی و هاوکۆک بۆ تاریخ بوونی نییە، بەڵام بە گشتی تاریخ بە زانستێک دەزانرێت کە باسی مرۆڤ دەکات لە ناو شوێن-کاتدا، بەڵام ئەم پێناسەیە لە مێژوو بەردەوام دوو لایەنی تێدا ئامادە بووە، یەکێک تاریخ وەک ڕووداو، ئەوی تر تاریخ وەک گێڕانەوە و گوزارشتی ڕووداو، بۆیە وشەی تاریخ هەم بۆ زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوی ڕووداوەکان لە ڕابوردووە دوورەکان تا ئێستاکە بەکار دێت و هەم بۆ ئەندێشە و شیکاری و ڕاڤەی ئەم تاریخنووسانەی کە ڕووداوەکانیان بۆ داهاتووەکان تۆمار کردووە، هەندێک لە توێژەران بۆ پیشاندانی ئەم دووپاڵی و دوولایەنییە لە زاراوەی تاریخی یەک و تاریخی دوو کەڵکیان وەرگرتووە.(٢٣)

وادێتە پێش چاو کە تاریخ هاوکات هەڵگری دوو ڕووبەری بوونناسانە (ontologic) و مەعریفەتناسانە (epistemologic)یە. ڕووبەری یەکەم سەربەخۆیە لە زەینی مرۆڤ و لە جیهانی واقیعدا ڕوو دەدات، ئەم ڕووبەرە بە تاریخ (history) ناوبردە دەکرێت، بەڵام

ڕووبەری دووەم بە زانستی تاریخ (Science of his-tory) ناوبردە کراوە، ڕاستییەکە ئەوەیە کە تاریخنووس ناتوانێت لە دۆخی شوێن-کاتیانەی خۆی بڕواتە دەرەوە و لەسەرووی دنیا و زەمانەوە چاو ببڕێتە ناو چاوی واقیع، ئەو زیندانیکراو و گەمارۆدراو لە ناو زەمان و شوێن و جیهانی دەوروپشتێتی و کاتێک واقیعی تاریخی دێتە ناو زەینییەوە و لە پاڵاوگە و تووندێلی تێڕامان و بیرکردنەوە و مەعریفەی ئەو تێ دەپەڕێت، زانستی تاریخ شکڵ دەگرێت. زانستی تاریخ واقیعی کۆمەڵگایە پاش ئامادەیی لە زەینی تاریخنووس و هەڵسەنگاندن و ڕاڤە و شرۆڤەیەتی.(٢٤)

فەلسەفەی مێژوو(Philosophy of history) فام و تێگەیشتنە لە هۆکار و دۆزینەوەی هۆکار، یان بۆ کاری ڕووداوەکان و پێناسەیانە لە بەستێنی بیردۆزی و یاسا مێژووییەکانی فەلسەفە، بەشێوەیەکی تایبەتی تر فەلسەفەی مێژوو لەخۆگری قووڵبوونەوەی فەلسەفی لەبارەی سەربووردەی ڕووداوە مێژووییەکان و چییەتی و میتودەکانی ڕاڤە و شرۆڤە و لێکدانەوەیانە.(٢٥)

**وێناندنی مێژوو (historiography)** وێناندنی مێژوو، زیندوو کردنەوەی ڕابوردوو و وێناندنەوەی زمانی تێگەی دیرۆکییانەی هەر دیرۆکنووسێکە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و جیهانێکە کە تێیدا دەژی. بە دەربڕینێکی تر مێژوو وێناندنی پرۆسێس و فەراگەردی مامەڵە و ئاڵوێری مێژووە وەک شتێکی سەربەخۆ و دەرەزەینی مێژوونووس، لەگەڵ ئەندێشە و زەین و مەعریفەی مێژوویی ئەو، واتە کاتێک مێژووی ڕابوردوو وەک واقیعێکی سەربەخۆ لە زەینی مرۆڤ لە ڕێگەی مرۆڤگەلێک بە تێگەیشتن و زەینێکی شوێن-کاتییانەی تایبەت نووسراوە و لەگەڵ مرۆڤانی پاش خۆی (داهاتوو) دەکەوێتە قسە و دواندن، ئەوە کردەی وێناندنی مێژوو هاتووەتە ئاراوە. وێناندنی لە مێژوودا لە لایەن و ڕەهەندگەلی بوونناسانە، مرۆڤناسانە و چییەتی (ماهییەت)ی مێژوو لە ڕوانگەی مێژوونووسەوە قسە دەکرێت. ڕاستییەکەی وێناندنی مێژوو هەوڵ و کۆششێکە بۆ فام و تێگەیشتن لە ئەندێشە مێژووییەکانی مێژوونووس کە لە نووسراوە مێژووییەکانیدا، بە شێوازی ڕوون و بەرهەست، یان لێڵ و نابەرهەست هاتوون. لە لایەکی تریشەوە وێناندنی مێژوو هەڵگری پێوەرگەلی عەقڵانی و پاساوی ئاوەزمەندانەیە و لەسەودای خستنەڕووی شوناس، باوەڕ و کردارەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکان، نەتەوەکان و چۆنێتی ئاکار و ڕەفتاریان لە ڕابوردوو، هەروەها ڕەوتی بزووتن و جووڵە، یان دارمان و نوشستی و هەرەسیان لە پرۆسێس و ئامێزی زەماندایە. بەشێوەی کورت و کوتا وێناندنی مێژوو سەرەڕای تۆماری ڕووداوەکان، لەخۆگری شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، دۆزینەوەی هۆکار (علت) و گشتاندنی ئەنجامەکان، بەراورد و ئانالۆگی دۆخەکان و فامی دەور و کردە و پێگەی تاکەکان و گرووپەکان لە پرۆسێسی ماددی و غەیری ماددی مێژوو بە پشت ئەستووری بیردۆزە باوەکانی زانستە مرۆییەکان و زانستە سروشتییەکان و فەلسەفەیە. فەلسەفەی وێناندنی مێژوو بەپلەی یەکەم باسکردنی لۆژیکی، عەقڵانی و مەعریفەناسانەی نووسراوەی مێژوونووسان و کۆششە بۆ کەشف و دۆزینەوەی مانا و چەمک و ڕەوتی گشتی ڕووداوەکان، هەروەها ماهییەت و چییەتییان، هەرچەندە مێژوو وێناندنی تا ڕادەیەک هەڵگری توخمگەلێک لە مێژوو، زانستی مێژوو و فەلسەفەی مێژووە لە چوارچێوەیەکی دەسنیشانکراوی شوێن-کاتییانەدا، بەڵام دەبێت بزانین کە وێناندنی مێژووی هەر سەردەمێک، زانستێکی سەربەخۆیە و وەک مەعریفەیەکی مێژوویییە لە چەشنی زانستەکانی کەلام، فەلسەفە، فیقهی شەرع و فیکری دینی ئەو سەردەمەیە، ئەگەرچی وێناندنی مێژوو هەنووکە لە زانکۆکانی ئەورووپادا پێگەیەکی دیار و پێناسەکراوی هەیە و وەک زانستێک مێژوویەکی دیاری هەیە و ڕووبەرێکی پانوبەرین لە چالاکی و کارکردن لە هیرۆدۆتەوە تا ڕۆژگاری ئێستە و لە باڵگەلی زانستی جیاجیا وەک وێناندنی (مێژوو مێژوویی، مێژووی وێناندنی مێژوو و...تاد) بۆ خۆی قایلە(٢٦)، بەڵام بەم حاڵەشەوە شتێک لە ڕێژەگەرێتی و درزێک لە دەست پێڕانەگەیشتووی بە کات و شوێن و تێگە و فامی لە شوێن-کات لەو ڕووبەرە بەربنەیدا هەیە کە ئێمە فرێ دەداتە ناو ڕوانگەی مێژوونووسە نوێیەکانی ئەمریکا و بیردۆزی پێکهاتەشکێنی و پاش پێکهاتەخوازی و باسەکانی دۆلۆز و فووکۆ و بۆدریار و جیهانی ناکۆتایی وێناندن و دالی بەتاڵ و وێناندنی ئاوێنەیی و ناکۆتا و

گەیشتن بە هەرێمی پیتە وەهمییەکانی عەتا محەمەد.

پاش پێکهاتەخوازی و مێژووخوازی نوێ بەر لەوەی هەر جۆرە هەوڵێک بن بۆ تێگەیشتن و دەعیەی فامکردنی حەقیقەت و واقیعی ڕووداوەکان و مێژوو، هەوڵێکن بۆ گەڕان و خولانەوە و عەوداڵبوون لەناو پیت و وانوێنراوەکان و دژبەرایەتی فەلسەفی لەگەڵ تیۆرانینی تێگەیشتنی تەواو و ڕاستەقینە بۆ ڕووداو و مێژووە:

١-ڕوانینی پاش پێکهاتە خوازەکانەوە دوو واتا بۆ وشەی مێژوو هەیە ئەلف (ڕووداوەکانی ڕابوردوو) دەربڕین و گێڕانەوەی چیرۆکییانە لەبارەی ڕووداوەکانی ڕابوردوو. پاش پێکهاتەخوازی ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە کە مێژوو بەردەوام "دەگێڕدرێتەوە"، بۆیە مانای یەکەمی مێژوو پەسەندکراو نییە، ڕابوردوو هیچ کات ناتوانێت بەشێوەی تەواو لەبەردەستی ئێمەدا بێت، ئەو شتەی دەیخاتە بەردەستی ئێمە وانوێنراو و نوێنراوەکانێتی.

٢- لە ڕوانینی ئەمانەوە سەردەمە مێژووییەکان بوونگەلێکی یەکانگیر نین، هیچ مێژوویەکی دیکە جگە لە مێژووە پچڕاو و دژوازەکان بوونی نییە، هیچ گۆشەنیگایەکی ئیلیزابێتی(٢٧) و چوارچێوەدار بوونی نەبووە، بیرۆکەی هەبوونی کولتوورێکی یەکانگیر و هاوئاهەنگ و هاوتەریب ئوستوورە و خورافەیەکە کە لە ڕێگەی چینی دەسەڵاتدارەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە سەر مێژوودا سەپێنراوە و پروپاگەندەی بۆ کراوە.

٣-لەمە بەدواوە مێژوونووسان ناتوانن دەعیەی ئەوەیان هەبێت کە لێکدانەوەیان لە ڕابوردوو بەشێوەیەکی بێ لایەنانە و بەرهەستە، ئێمە ناتوانین بەسەر دۆخی مێژوویی و هەلومەرجی شوێن-کاتیانەی خۆماندا باز بدەین، ڕابوردوو شتێک نییە کە وەک ئامرازێکی ماددی و بەردەست و بەرهەست لەبەردەم ئێمەدا ئامادە بێت، بەڵکو شتێکە کە لە ڕێگەی لێکدانەوە و خوێندنەوەی چەشنەکانی دەقە نووسراوەییەکانی پێشوو بۆ هاوتەریبکردن لەگەڵ تێبینی و تێگە مێژووییە تایبەتەکانی خۆمان، بەدی دێنین.

٤-پێوەندی ئەدەب و مێژوو دەشێت بکەوێتە بەردەم خوێندنەوە و پێداچوونەوەوە. هیچ "مێژوو"یەکی جێگیر و نەگۆڕ بوونی نییە کە وەک ناوەندێک چاوی لێ بکەین، یان وێنای بکەین و ئەدەب بکەین بە پاشکۆی، هەموو مێژوو خۆی پاشکۆیە. مێژوو بەردەوام گێڕانەوەی چیرۆکییانە لەبارەی ڕابوردوو بووە، ئەویش بەکەڵک وەرگرتن لەو دەقانەی کە لە دێڕ بە دێڕی گێڕانەوەکاماندا دەیهێنین.(٢٨)

ئەگەرچی پاش پێکهاتەخوازەکان و مێژووخوازەنوێیەکان بەشێکی زۆر و چەقی کارەکانیان لەسەر دەسەڵات و ئیدارە و ئەرشیف(٢٩) و ڕێکخراوەکانی بوو، بەڵام ڕەهەند و لایەنێکی دیکەیان لە تێگەیشتن و فام بۆ مێژوو لە ڕۆچنەی ئەدەبەوە زەق کردەوە و ئەو سنوورە ڕەق و تەقە ڕواڵەتییە زانستییەی کە لە نێوان مێژوو و ئەدەب و باقی فۆرم و فیگۆرەکانی پیتدارێژی و وتەتەوەری بوو، ڕووخاندیان و هاوکێشەیەکی نوێیان بۆ فامی پێوەندی نێوان دەسەڵات و مێژوو و ئەدەب و باقی فیگۆر و فۆرمەکانی قسە و دارشتن هێنایە ئاراوە. لێرەوە ئێمە دەتوانین پاش باسێکی کورت لەسەر دەسەڵات و سیاسەت و پێوەندییان بە مێژوو و واتای ڕێژەیی و دژە مێژوویی! مێژوو، بچینە ناو دنیای بێ واتای فرەپیت و دژەمێژوو و ناواتای گێلاسی خوێنەوە!

ئەو ڕۆمانە مێژووییەی کە چیرۆکی ناو چیرۆکی کتێبێکی ترە کە دەشێت لە کتێبی تر و کتێبخانەی تر و پیتی تر و لای حەڵواچی و ڕەنگساز و نەخشەساز و... ئیتر تا ئەبەد وێڵ بین بە دوای مانایدا، مێژوو ئەبەدییەتی ئەم وێڵبوونەیە، ئوستوورەی ژیان، ئەفسانەی وەهمی "بوون و هەبوون" (been &become)ی پیتە بێ ماناکان، ئەو پیتانەی کە بۆ ئەوەی نەمرین و لاڵ نەژین لەقەوارەی ڕێکەوتنێکدا مانامان بە سەریاندا سەپاند، وەک دەڵێی پیتەکان بۆ ئەوە فێری"ئادەم" کران کە لە تەنیایی بێتە دەرەوە، یەکەم پیت کە حەوا بوو...؟ سێو؟، یان گێلاس؟ پیتەکان تەنیا بۆ ئەوەی لاڵیمان لە هەمبەر وجوود لەبیر ببەنەوە داهاتنە یادەوەری و ناهۆشیارییمانەوە، پیت هیوایە بە واتا و واتا هیوایە لە هەناوی پیت و ئەم گۆی زەوییە پیتاوییە هەر دەسووڕێ و دەسووڕێ لە بۆشایی سەدان کاکێشان و هیوایەکی وەهمییە و وەک کافکا دەڵێت: تەنیا لەبەر ڕێزی بێ هیوایان بووە کە هیوا داهاتووە.(٣٠)

## فیگۆرە زمانییەکان و ململانێی شوناس لە نێوان خود و خود(ئەوی دی!) دا لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتدا

ئێمە بەردەوام شوناسی خۆمان لەپێوەندی لەگەڵ ئەو شتەیدا وا ئێمە نین، پێناسە دەکەین، بۆیە ئەوەی کە ئێمە نین دەشێت قەڵافەت و بیچمێکی شەیتانی و دزێو و ناحەز پەیدا بکات و لە قەوارەی "ئەوانی دی" دا وێنا بکرێت.(٣١)

ئەم تێڕوانینەی گرین بلات کە تێم و ناوەرۆکێکی شوناستەوەرانەی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵات و هاوکێشە و فێڵ و تەڵەکە هۆشیار و ناهۆشیارەکانی دەسەڵات، بەم شێوەیە درێژەی پێ دەدات:

تا شوێنێک کە من دەتوانم بیڵێم لە هەموو ئەو سەنەد و دەقانەی کە کۆم کردوونەتەوە، هیچ شوێن پێ و جێگەدەستێک لە زەینییەتی دانسقە و تۆکمە و قوتاربووگ لە کۆت و پێوەند بوونی نییە؛ ڕاستییەکەی وا دێتە پێش چاو کە مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمهاتوو و دەرهاوێشتەی ئایدیۆلۆژیاکانی ناو هاوکێشەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکی تایبەتە.(٣٢)

لەم تێڕوانینەی بلات دا چەند خاڵی زەق بەدی دەکرێت:

١- ئەوەی کە ئێمە ناتوانین فامێکی بەدەر لە پاشکۆ و کۆنتێکسی زەینی و شوێن-کاتی خۆمانمان هەبێت، ئەمەش پێداگری لەسەر بوون و مێژووە وەک فیگۆرێکی زمانی و وتەیی و دەقئاسایی بوون و گەڕاندنەوەی ڕێژەگەرێتییە بە فۆرمی تر بۆ ناو دەق و هەناوی پیت.

٢- ئەوەی کە ئێمە بەردەوام لە ئارەزوو (desire)یەکی شوناسمەندانەدا دەژین و فیگۆرە زمانییەکان هەوڵ و کۆششن بۆ خۆدۆزینەوە و شوناسدۆزی، بەڵام دەشێت ئەم پرۆسێسە بە ڕەهەندێکی هۆشیارانەدا تێپەڕێت کە لە پلەی یەکەمدا وا دەردەکەوێت لە سەرزەمین و هەرێمێکی جێگیری شوناس داین، بەڵام کە هۆشیار دەبینەوە و فیگۆرە زمانییە ڕێکەوتنییەکان و سەفەری ناوی پیت لێکدەدەینەوە، دەزانین تەنیا شتێک کە دەشێت لێی دڵنیا بین، وەهمی گەورە گەورەیە کە دادەبەزێتە سەر وەهمی وەهم و بڵق تۆق.

٣- لایەنی تر ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام لە داو و بۆسەی تۆڕەکانی دەسەڵاتین، بە ئەرشیف و ڕێکخراو و فەرمانبەر و شوقە و کووچە و کۆڵان و توێکانییەوە، دەبێ یەکەم شتێک لێی هۆشیار بین، تەنانەت گەیشتنە بە هۆشیاری"وەهم"، کە پلەیەکی بەرزە لە تێفکرین لە ناو پاش پێکهاتەخوازی و مێژووخوازی نوێدا و بەردەوام هۆشیار و گوماناوی بین، کە ئەمەش ڕەنگە داوێکی دەسەڵات بێت، بۆیە دەبێت ئەم ئەگەرە دابنێین کە وەهمی وەهمە و پیتە سەرابییەکانیش تەنیا فۆرمێکن لە دەرکەوتن و پێناسەی داسەپێنراو بۆ بەرژەوەندییەکانی دۆڵپای دەسەڵات و سەر و زمان و کلک و چزەکانی. ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ ئێمە لەم هاوکێشە سامناکەدا کۆچەرییانە بوون و سەفەرکردنی بەردەوامە بە ناو پیت و دال و ئاماژە بەتاڵ و بۆشەکانی. "واتە لە ڕوانینی ماتریالیستە کولتوورییەکانی بەریتانی کە تێگەی بلات ڕەخنە و چاکسازی تێدا کرا ئەم خاڵەی چوارەم زەقترە، ئەوان دەڵێن هەر مێژوویەک لە داپڵۆسان و سەپاندن و چەوساندنەوە، مێژوویەکیشی لە بەرخۆدان و ڕاسان لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، بەرخۆدان تەنیا نیشانە و پیتێک بۆ داپڵۆسان و پاساوێک بۆ چەوسێنراوەیی نییە، بەڵکو نیشانەی ڕاستەقینەی "جیاوازی"ییەکی نکوولی لێ نەکراوە کە بەردەوام لەمپەرە لەبەردەم ئەوەی کە دەسەڵات بیەوێت دەرگاکان بەڕووی گۆڕاندا دابخات."(٣٣)

بەگشتی پاشپێکهاتەخوازەکان بەرلەوەی وەڵامدەرەوە بن، پرسیارکەرن، ئەوان سەرنج دەدەنە ئەو "جیاوازیانە"ی نێوان ئەو شتەی کە دەقێک دەیڵێت و ئەو شتەی کە وا بیردەکاتەوە کە گوتوویەتی، ئەوان دەق پێملی ئەوە دەکەن لە دژی خۆی بوەستێت و لە سووڕاندنەوەی دەق بۆ ئەوەی کە واتایەک بدات دوورەپەرێزن. ئەوان تەنانەت دانسقە بوونی ئەدەبیش ڕەت دەکەنەوە و فیگۆرە غەیرە ئەدەبییەکانیش بە لێکدانەوەیان وەک ئەدەب، پێکهاتەشکێنی دەکەن. ئەم تێڕوانینەی پاش پێکهاتەخوازەکان مەشرووعییەت و ڕەوایی بە زۆرێک لە گێڕانەوە و فیگۆرە ئەدەبی و غەیرەئەدەبییەکان دەدات و هەڵگری ئەو توخم و تێڕوانینە فەلسەفییەشە کە لەسەرەوە باسم کرد، بەم باس و خاڵە گشتیانەوە، دەتوانم بڵێم نموونەی هەرە بەرز و تازە لە فیگۆرێکی ئەدەبیدا کە لە چەند ڕەهەندەوە دەتوانین تێیدا سەفەر بکەین و ون بین، ڕۆمانی گێلاسی خوێنی عەتا محەمەدە.

## لایەنی سیاسی مێژوو و گێڕانەوەی چیرۆکانەی مێژوو بە ئاقاری شوناسدا

ئێمە بەو پێیەی کە وەک تاک و تاقانە و خودائاسا ناتوانین بژین و دەبێت لەگەڵ کەسانی تر و گرووپی تر و کۆمەڵ و جڤاتی تردا بەپێی کۆمەڵێک بەرژەوەندی، یان توخمی هاوبەش کۆ ببینەوە، یان بەپێچەوانەی هەموو ئەمانەوە لێک جوێ ببینەوە، بوونەوەرێکی سیاسین. سیاسەت لێرەدا گۆڕەپانێکە پڕ لەگۆڕان و لەرزۆک و بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو لە پێناو لێکدانەوەی ئێستاکە یەکێکە لە بەرچاوترین تێڕوانینە باوەکان سەبارەت بە سیاسەت و کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی ڕابوردوو چەقبەستوو نییە، بەڵکو مژارێکە بۆ گۆڕان و حیکایەت، ڕووداو و مانای پێدراوی ڕابوردووش لە دۆخێکی بەردەوامی گۆڕاندایە.(٣٤)

ئەگەرچی لەبەشەکانی پێشوودا تیشکم خستە سەر جیاوازی گێڕانەوەیی چیرۆکی (story) و مێژوویی (history)، بەڵام دەبێ ئەم خاڵەش زەق بکەمەوە کە ئەم دوو دەربڕینە وەک لە زمانی ئینگلیزیدا دیارە، جیاوازییەکیان پێکەوە هەیە کە لە (hi)دا دەردەکەوێت و هاوبەشییە وشەیی و پیتییەکەشیان دیارە، هەر وەک لەسەرەوە و لە باسی مانای تاریخدا خستمە ڕوو لە زمانی ئیتاڵیدا بۆ واتای مێژوو هاوتای (storia) هەیە کە پێ دەچێت لە زمانی ئیتاڵی واتای چیرۆکیش بدات، چونکە زمانی ئیتاڵی هاوبنەماڵەی زمانە هیندو-ئەوروپییەکانە و بەو پێیەش هاوبنەماڵەی زمانی ئینگلیزیشە و ئەگەر ئەو وشەیە لە زمانی ئیتاڵیدا بە فۆرمی (story) لە زمانی ئینگلیزیدا بزانین کە بۆ مێژوو دانراوە لە ئیتاڵی، ئەوە ئەو وشەیە هەم هەڵگری واتای مێژووە و هەمیش چیرۆک، ئەمەش دەست لەملانێ و قۆڵ لە قۆڵبوونی چیرۆک و مێژوومان بە بیردا دێننەوە، هەر هەمان خاڵ و پنت و کەوشەن کە سنووری نێوان واقیع و خەیاڵ، مێژوو و چیرۆک، کۆتا و ناکۆتا ئیتر لە یەکدی جوێ ناکرێنەوە، ئەم حاڵەتە لە پانتایی وێژمان (discourse)ی پۆست مۆدێرندا گەشاوەیی و دەرکەوتە و دەلالەتی فرەڕەهەند و فرەتیشکی هەیە. ئەو شتەی کە لەهەر دووی ئەم ڕووبەرە تاقانە و یەکگرتووەدا هاوبەشی هەبوون و ئامادەیی ڕووداوە. "لەسەر ئەم بنەمایە و بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی دیالیکتیکی نێوان ئێستا، ڕابوردوو و داهاتوو، ڕووداو هەست و سۆزێکی وەبیرخراوەیە و ناتوانێ خاوەنی هەر ئەو مانایەی سەردەمی خۆی بێ."(٣٥)

ئەگەرچی لە حاڵەتە ساکار و ئاساییی و ڕۆژانەکەیدا، واتە لە فۆرمە کارکردەییەکەیدا زەمان وەک کرۆکی مێژوو بۆ ئێمە وەک سێ جەمسەری ڕابوردوو، ئێستاکە و داهاتوو پێناسە کراوە و پەسندمان کردووە، بەڵام هەر کام لەم جەمسەرانە لە خوێندنەوە و هەڵوێستەیەکی سادەدا دەردەکەون کە چەندە گرێدراوی یەکن و چەندە سنوور و پنتەکانیان تێکەڵ و لە هەندێ حاڵەتیشدا نادیارن، کاتێک ئێمە بە تێڕامانێکی جیا لە کارکردی بوون و ڕۆژانەیی بوون، چاومان لە زەمەن(مێژوو)کرد، ئەو کات دادەبەزێینە هەرێمی مومکینات و ئەگەرەکان...دادەبەزێینە دوورگەی زەمەنی لاست و سەرزەمینی ناشوێن و نازەمەن و بزۆز و بۆش و هەڵواسراو. (سریال لاست)(٣٦).

مێژوو وەک بەردەوامییەک لەناو زەمەن، هەڵگری تێگەی شوناسە و وەک خەزێنەیەکی گەورە و زەبەلاح، سەرچاوەیەکیشە بۆ دەرهێنان و هەڵهێنجانی مانا لە ڕەوتی تێکئاڵاوی ڕووداوەکان. بۆ خوێندنەوەی نوێ و خوڵقاندنی مانای نوێ لە بەرژەوەندی ئێستاکە. کۆی ئەم باسانە دیسان وەبیرخەرەوەوە و داکۆکیکەرەوەی ئەمەن کە ئێمە ناشێت جێگیر و داسەکناو بین و لەناو مێژوودا و بەدوای مانای نوێدا نەگەڕێین، جا ئەم وتەیە کاتێک باشتر فام دەکرێت کە ئێمە بزانین ڕەوت و ڕوانینگەلێکی مێژوویی هەن کە هەڵگری ئەو گەڕان و گەڕانەوەیە لەهەمبەر مێژوودا نین، گەڕانەوەیەک کە لە سنوورێک تێکەڵی ئەدەب و بزۆزییەکەی دەبێت. هەر ئەم دانەسەکنان و عەودالییە بە دوای مانا و شوناس و خوێندنەوەی نوێ، وای کردووە کە ئێمە بە ڕوانینێکی ڕێژەیی و بزۆزەوە ئەم پرسیارانە گەڵاڵە بکەین کە؛ ئاخۆ ڕابوردوو ڕابوردووە، یان ئێستاکەش سەرەڕای دەرکەوتنی فۆرمە جیاجیاکانی هەر بەردەوامە؟ لەوانەیە هەر ئەو دڵەڕاوکێیە بووبێ کەسێکی وەک فاکنێری (فۆکنەر) هێنابێتە سەر ئەم باوەڕە کە؛ ڕابوردوو هیچ کات نەمردووە، ڕابوردوو تەنانەت ڕانەبوردووە، مێژوو وەک ڕابوردوو بەردەوام پەیوەستە بە ئێستاکە و داهاتوو.(٣٧)

بەڵام پرسیارێک لێرەدا دێتە ئاراوە، ئاخۆ مێژووی کێ سەبارەت بە ڕابوردوو و یاسا و ڕێساکانی دێتە گۆ، یان کێ بە نووسینەوەی دیرۆک لە هەوڵی سەپاندن و بەجێکردنی کام ئایدیۆلۆژیایە؟(٣٨)

بەم پرسیارەوە ئێمە دادەبەزینە سەر ڕووبەری سیاسەت و دەچینە ناو هاوکێشەکانی هێز و دەسەڵات، ئەو هێز و دەسەڵاتانەی کە بەو ڕوانینە ئایدیۆلۆژییە سیاسییانەی کە دەیخەنەڕوو و دەیسەپێنن، شوناسی ئەوانی تر بەرەو لەناوبردن و توانەوە دەبەن، لە ڕێگەی هەموو ئەرشیڤ و داو و دەزگا و ڕێکخراو و فەرمانبەرەکانیانەوە، ئەم حاڵەتە لە ڕۆمانی (گێلاسی خوێن)دا لە قەوارەی خەلیفەکانی عوسمانی، واتە بابی عالی و والییە جیاجیاکانی لە بەغداد بە خەستی دەردەکەوێت، هەروەها لە قەوارەی پێکهاتی پیتیانەدا، واتە کاتێک لە ڕۆماندا ئێمە گوێبیستی گێڕانەوەیەک دەبین لە بەشی یەکەم و ئەپیزۆدی ل٥٩ "دەیەم پیتی کوژراو" لە ناو ئاوەها باس و هاوکێشەیەکدا دەژین کە بە فۆرم و شکڵی جیا دەگێردرێتەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- هەزارتوێکان، ئاوەڵناوێکە کە بۆ جیهانی توێدار و پڕ پێچوپەنای خورخێ لۆڤیس بۆرخێس بەکار دێت، تایبەتمەندی کارەکانی بۆرخێس هەڵکۆڵینی قەڵشت و درز و پێچ و پەناکانی دەروون و هەناوی مرۆڤە بە ڕێگەگەلی تاریک و فەزا نادیار و نەناس و کتێبخانەییەکان، هەر وەک لەم وتارەشدا باسی دەکەم، عەتا محەمەد جیهانێکی بۆرخێسی هەیە، بۆرخێسی هەنووکە ئاوەڵناوێکە بۆ شێوازێک لە گێڕانەوە و نووسین و چیرۆک و تەنانەت "بوون"، هەر وەک چۆن کافکاییش هەڵگری دەلالەتی تایبەت بە خۆیەتی. بۆرخێس، ئەم نووسەرەی ئەمریکای لاتین پێمان دەڵێت: نووسین جگە لە بەڕێوەبردن و نمایشکردنی خەونێک هیچی تر نییە. گێلاسی خوێن هەڵگری بەشێکی زۆر لە مانای ئەم ڕستەیەیە.**

**٢-دیرۆک لە زمانی کوردیدا، واتە شتە دێرین و کۆنەکان، ئەم وشەیە لە وشەی مێژوو کۆنترە و دەلالەتیشی بەرینترە، واتە دەشێت مێژووش بەشێک بێت لە دیرۆک وەک چۆن ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆک و ڕازەکان بەشێکن لە دیرۆک، بۆ ئەوەش بەمەبەستی هێڵکاری لە نێوان مێژوو و مێژوونووسی وەک زانست کە لە وتارەکەدا باسم کردووە و خاوەنی تایبەتمەندێتی ناجێگیری و ڕەهاخوازییە و دیرۆک و دیرۆکنووسی کە خاوەنی تایبەتمەندێتی بزۆزی و چیرۆکیانە و ڕێژەگەرێتی کردووە، ئەمەش بە مەبەستی پێکانی چەمکیانەی واتای ڕێژەمەندی و ئیمکان لە گێڕانەوە و بەتایبەتی گێڕانەوەی چیرۆکیدا.**

**٣- سێر والتەر سکۆت کە زۆرتر بە بۆنەی ڕۆمانە مێژووییەکانییەوە ناوبانگی هەیە، لە ساڵی ١٧٧١ لە شاری ئیدینبۆرگ لەدایک بووە، چونکە بە بنیادنەری ڕۆمانی مێژوویی دەزانرێت ساڵانە خەڵاتێکی ئەدەبیان بە ناوی ئەو داناوە و دەیدەن بە باشترین ڕۆمانی مێژوویی ساڵ، سکۆت لە ساڵی ١٨٣٢ کۆچی دوایی کرد. (ویکی پیدیا).**

**٤-لوکاچ، گئورگ، شرایط اجتماعی و تاریخی ظهور رمان تاریخی، ترجمه مجید مددی، ارغنون، بهاروتابستان٧٥، سال سوم، شمارەی ٩ و ١٠.**

**٥-سەرچاوەی پێشوو.**

**٦-هەمان سەرچاوە.**

**٧-کرۆنۆلۆژی وەک زانستی تۆمارکردنی زنجیرەی ڕووداوەکانی قۆناغگەلی جیاجیای مێژوویی پێناسە دەکرێت.**

**٨- لوکاچ، گئورگ، شرایط اجتماعی و تاریخی ظهور رمان تاریخی، ترجمه مجید مددی، ارغنون، بهاروتابستان٧٥، سال سوم، شمارەی ٩ و ١٠.**

**٩-سەرچاوەی پێشوو.**

**١٠-هەمان سەرچاوە.**

**١١-پیتە ئەبجەدییەکان یەکەم جار لە لایەن فینیقییەکانەوە و بۆ کاروباری ژمێریاری کائینات و ڕێکوپێک کردنی خەت و نووسین بەکار هاتووە، شێوازی ئەبجەدی هاوتایەکی ڕەمزی-ژمارەییشی هەیە بۆ نموونە دەڵێین (الله) هاوتای (٦٦) لە ئەبجەد دا، یان وەک هەندێکی تر دەڵێین هاوتای (٣٦)ە چونکە هەر (ل) بە (٣٠) ژمارە حسێب دەکرێت و کاتێک (ل) تەشدید وەرنەگرێت (٣٠) ژمارەی لێ کەم دەبێتەوە، چۆن "ا" بە ژمارەی (١) و "ه" بە ژمارەی (٥) دادەنرێت. فۆرمی ئەبجەدی هەر هەمان فۆرمە کە زمانی عەرەبی، یان وەک عەتامحەمەد و گێلاسی خوێن گوتەنی سیستەمی پیتیانەی "ع" لەسەر قەوارە و بنەمای ئەو داڕێژراون و دواتر وەک لە ڕۆمانەکە دا دەبینین عەرەب خۆی دەکات بە خاوەنی ئەبجەدی و ڕێگەی پیت و شوناسەکانی تر لێرەدا بە کورد نادات.**

**١٢- لوکاچ، گئورگ، شرایط اجتماعی و تاریخی ظهور رمان تاریخی، ترجمه مجید مددی، ارغنون، بهاروتابستان٧٥، سال سوم، شمارەی ٩و١٠**

**١٣-سەرچاوەی پێشوو.**

**١٤-شوێنگەی لەدایکبوونی فەلسەفەی مێژوو یۆنانە؛ لێکۆڵینەوەکانی هیرۆدۆت و توسیدید لەبارەی ئەو هێزانەی کە مێژوو دەجووڵێنن و دەیخەنە بزاوتن لەسەر ئەم بابەتە و هەروەها تۆژینەوەکانی پلۆتارک و لەوە بەدواوەش بەتایبەتی لە نووسینەکانی ئاگۆستینی قیدیس و لە کتێبی شاری خودا دا دەبینین، تا دەگاتە لای هیگڵ. (یاسپرس، کارل، آغاز و انجام تاریخ، ترجمه محمد حسن لطفی، چاپ دوم، تهران ١٣٦٣).**

**١٥- یاسپرس، کارل، آغاز و انجام تاریخ، ترجمه محمد حسن**

لطفی، چاپ دوم، تهران ١٣٦٣.

١٦-ئەم گێڕانەوەیە لە زنجیرە درامای بانسروشت (super natural) کە تا ئێستە یازدە سیزنی هاتووەتە بازاڕ بینیومە، کۆمەڵێک نووسەر و دەرهێنەری هەیە و باسی ژیانی دوو برا دەکات کە دایکیان بە منداڵی لە ڕێگەی شەیتانێکی چاوزەردەوە بە ناوی عەزازیل دەکوژرێت و ئەوانیش دەبن بە بکوژی بوونەوەرە بانسروشتییەکان هەر لە خوێنمژ (vampire) و گورگینەکانەوە بگرە تا دەگاتە خودا جیماوە کۆنە یۆنانییەکان و شەیتان و فریشتەکان و دواتر تا سەرهەڵدان و ڕابوونی لوسیفر.

١٧- یاسپرس، کارل، آغاز و انجام تاریخ، ترجمە محمد حسن لطفی، چاپ دوم، تهران ١٣٦٣.

١٨-سەرچاوەی پێشوو.

١٩-بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پرسی مێژوونووسی کوردی و بوون و نەبوونییەوە دەتوانن چاو لە گۆڤاری زرێبار، ژمارە ٨١ و ٨٢ و مەلەفەی تایبەت بە مێژوونووسیی کوردستان، بە تایبەتی وتارەکانی "مقدمەای بە تاریخ نگاری کوردی" نووسینی اسماعیل شمس، یان وتاری "مێژوونووسی و پرسی سیاسەت" د.ئازاد حاجی ئاقایی بکەن.

٢٠-نیچە، فریدریش، چنین گفت زرتشت، ترجمەی داریوش آشوری، تهران ١٣٧٨.

٢١-گۆڤاری زرێبار، ژمارەی ٨١ و ٨٢، مێژوونووسی و پرسی سیاسەت، ئازاد حاجی ئاقایی.

٢٢- گۆڤاری زرێبار، ژمارەی ٨١ و ٨٢، "مقدمەای بە تاریخ نگاری کوردی" نووسینی د.اسماعیل شمس.

٢٣-سەرچاوەی پێشوو.

٢٤- هەمان سەرچاوە.

٢٥و٢٦-هەمان سەرچاوە وتاری، "مقدمەای بە تاریخ نگاری کوردی" نووسینی د. اسماعیل شمس.

٢٧- وێنەی ئیلیزابێتی جیهان، یان تصویر الیزابتی جهان (The Elizabethan picture) یەکەم جار لە لایەن تیلیاردەوە و بۆ گێڕانەوەیەکی مێژوویی تایبەت لە کولتووری سەردەمی شێکسپیر بەکار براوە، مەبەست سیستمێک لە تەکووزی و کۆسمۆس و ڕێکوپێکی و یەکانگیرییە. (رامان سلدن، پیت ویدسون، راهنمای نظریە ادبی معاصر، ترجمە عباس مخبر، نظریەهای پساساختارگرا، تاریخ گرایی جدید).

٢٨- رامان سلدن، پیت ویدسون، راهنمای نظریە ادبی معاصر، ترجمە عباس مخبر، نظریەهای پساساختارگرا، تاریخ گرایی جدید.ص ٢٠٦ و ٢٠٧.

٢٩-ئەرشیڤ بریتییە لە جۆرە نەزم و یاسا و ڕێسایەک کە بەستێنێکی زەمانی درێژ و لە ڕێگەی میکانیزمەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵات بە سەر تاکی کۆمەڵگا دا دەسەپێت و فۆرمی چەشنێک لە ناهۆشیاریی فێرکراو، یان ناهۆشیاری وەرگیراو وەردەگرێت، بۆ زانیاری زیاتر چاو لە کتێبی (سرگشتگی نشانەها، بودریار، لیوتار، دلوز، فووکۆ و بارت. نمونەهایی از نقد پسامدرن، گزینش و ویرایش مانی حقیقی) بکەن.

٣٠-احمدی، بابک، خاطرات ظلمت، دربارەی سە اندیشگر مکتب فرانکفورت، تهران، نشر مرکز ١٣٧٦ ص٦١.

٣١- رامان سلدن، پیت ویدسون، راهنمای نظریە ادبی معاصر، ترجمە عباس مخبر، ص ٢٠٩.

٣٢-سەرچاوەی پێشوو.

٣٣-هەمان سەرچاوە ص.٢١٠.

٣٤- گۆڤاری زرێبار، ژمارەی ٨١ و ٨٢، مێژوونووسی و پرسی سیاسەت، ئازاد حاجی ئاقایی.ل٧٨.

٣٥-سەرچاوەی پێشوو.

٣٦- ئاماژەیە بە زنجیرە درامای ونبووگ، یان ونبووەکان (Lost) کە لە لایەن سێ دەرهێنەری بە توانستی ئەمریکایی جیفری لەبیێر، جەی جەی ئابرامز و دیمۆن لیندیلۆف دروست کراوە و لە شەش سیزنی پێکهاتووە ئەم زنجیرەیە یەکێک بوو لە باسهەڵگیرسێنەرترینی ئەو درامایانە کە بەچەندان داهێنان لە وێنەگرتن و ڕەوایەت و ڕابوردوونوێنی (Flashback) چەندان تێمی فەلسەفی و وجوودی و میتافیزیکی بەشێوەی هونەری گێڕاوەتەوە و ناوی چەندان فەیلەسووف و بیرمەند و فیزیکزانیشی تێدایە کە هەر کام هێمای چەشنە بیرکردنەوەیەکن لە جیهانێک بە ناوی "دوورگە"دا، کەسێک ئەو درامایەی بینیبێ لەم باسەی منیش بە ئاسانی و قووڵی تێ دەگات، بەڵام شتێک کە دەشێت باسی بکەم مانای زەمانە لەوێدا، زەمان و خێرایی تیشک لە بیردۆزییە فیزیاییەکاندا پێوەندییەکەی جەوهەریان پێکەوە هەیە، دوورگەی لاست ئەو شوێنەیە کە تیشک ماهییەتی تری هەیە، بۆیە زەمان دەگۆڕێت و شوێنیش هەروەتر، زەمان دەبێتە نازەمان و شوێن دەبێتە ناشوێن، بۆیە دورگە ونبووگە و کەس نایدۆزێتەوە و هەروەهاش دانیشتووانی ونبووەکان و تەنیا خۆیان دەتوانن خۆیان بدۆزنەوە لە ناو بیابانێک لە سەیالییەت و بزۆزی زەمەن دا، کە هەڵبەت هەموو ئەمانەش بە ئامادەیی ئیبلیس و فریشتە لە قەوارەی دوو کارەکتەری هێمایین ڕەقەم دەدرێت.

٣٧و٣٨- گۆڤاری زرێبار، ژمارەی ٨١ و ٨٢، مێژوونووسی و پرسی سیاسەت، ئازاد حاجی ئاقایی. ل٧٩.